# نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی هەرێم

ئالآکەی بەعس، ئالآی ئەنفال و کیمیاباران و هەزار و یەك دەردی سەری بەسەر خەڵکی کوردستاندا، زۆر درەنگ داگیرا! دەبوایە دوای ڕاپەڕین، دوای دەرپەڕندنی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس لە کوردستان، ئەم ئالآیە شوێنەواری نەمابا.

ئەو ئالآیە، لەهەمان کاتا ئالآی بەعسیە کوردەکان و سەرۆك جاشەکانی کوردستانیش بوو. ئەوانەی کە نەك هەر ڕاستەوخۆ دەستیان سورە بەخوێنی پێشمەرگەکانی کوردستان و بەگرتدانی خەڵکانی تێکۆشەر، بەڵکو بەشەخسیش بەشداربوون لە پیادە کردنی سیاسەتە قەلاچۆکاریەکانی ڕژێمی بەعس و لە ڕێگەی هاوکاری ئەوانەوە ئەنفال ئەنجام دراوە.

بەرێز ئەوە جێی داخە ئێستا، کە ئەم کۆنە بەعسی و سەرۆك جاشە خوێنرێژانە، نەك هەر لە تەك سەددام و عەلی کیماویدا لە ناو قەفەسی دادگادا نین، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەوەیە کە لە پاداشتی خیانەتکاری و تاوانەکانیان ئێستا لە ژێر ئالآی کوردستاندا حەواونەتەوە و مووچەی تەقاعودیەکەیان لە شکڵی کۆمەك وەرگرتن بەناوی "دیوەخان"ەوە بۆ سەرف ئەکرێت.

ئایە لابردنی ئالآی بەعسی عێراق، تەنها لابردنی پەڕۆیەکی دزێو و نەفرەتیانەی ڕەنگاوڕەنگە لەکوردستان و بەس؟!

من وەك کەسێکی خانەوادەی پێشمەرگەی شەهید. کە دوو براو ئامۆزایەکم لە ناوچەی پشدەر شەهید بوون بەدەستی [هەباسی بایزی باڵواغا] کە یەکێکە لەو خۆفرۆشە تاوانبارانە، ئەگەر ئەمرۆ دەسەڵاتدارانی کوردستانیش لە هەقی گشتی خەڵکی کوردستان چاوپۆشی بکەن و ئەم تاوانبارانە نەدەنە دادگا، منی هاووڵاتی (ناسراو بە مستەفای حەسەنە گەورە) وەکو هەقێکی شەخسی خۆم کە لێرەوە ڕایدەگەیێنم دەعوای ڕەسمی لەسەر تۆمار دەکەم، وە بەڕێزتان ئاگادار ئەکەمەوە کە ئەم تاوانبارە ئەبێ بدرێتە دادگا! وە ئێمە بەڵگەنامەی حاشا هەڵنەگرمان بەدەستەوەیە لەسەر تاوانەکانی ئەو خۆفرۆشە.

داواش لە هەموو کەسێك ئەکەم کە ئەگەر خزم و کەسوکاریان بەدەستی ئەم تاوانبارە و دارودەستەکەیەوە یان لە ڕێگەی ئەوانەوە شەهید بوون، هەمان ڕێگەی وەفاداری من بگرنە بەر بۆ خوێنی شەهیدانمان و من ئامادەی یارمەتی دانتانم. وە ئەتوانن لە ڕێگەی کەسوکارمەوە لە کوردستان یان لەڕێگەی ڕێکخراوی ["چاك"– http://www.nawandihalabja.com ] وەیا ماڵپەڕی ["دەنگەکان" http://www.dengekan.com ]ەوە، وەیا ئیمەیلەکەمەوە [msto123@hotmail.com] پەیوەندیم پێوەبکەن.

هیوادارم کە لێپرسراوانی کوردستان بە بیانووی لێبوردنی گشتییەوە کە بەرەی کوردستانی لە ساڵی1991 دا دەریکردوە، ئەم هەقە شەخسییانەی ئێمە پێشێل نەکەن و ئەگەر دەستی یارمەتیشمان بۆ درێژ ناکەن ئەوا ڕێگریمان بۆ دانەتاشن.

من بەدوای ئەم مەسەلەیەدا ئەڕۆم ئەگەر لە کوردستان نەتوانم ئەم هەقە بسێنم ئەوا پەنا ئەبەمە دادگای لاهای نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ڕێکخراوی "چاك"ەوە.

ئەم تاوانبارە دەستی سورە بە خوێنی دەیان پێشمەرگە، دەیان هاووڵاتی و هەروەها دەیان لەو کاروانچیانەی کە لە ڕێگەی بارهێنان و باربردنەوە لەسەر سنورەکانی ئێران-عێراق خەریکی دابین کردنی بژێوی خانەوادەکانیان بوون.
هەوڵ ئەدەم لە فرسەتێکی نزیکدا ناوی ئەو قوربانیانە وەك لیستێك بلاو بکەمەوە. جێی خۆیەتی کە ئەم خوێن ڕێژە بەسزای خۆی بگات و نەهێڵدرێت وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت، تا ببێتە پەندو عبرەت بۆ خۆفرۆشان و تاوانباران.

نەك هەر ئەوەش بەڵکو لە هەر ئاڵۆزییەکی باروزروفی کوردستان و عێراقدا ئەم تاوانبارانە، لە ڕێگەی خۆفرۆشییەوە وەك هێزی یەدەکی دەوڵەتی مەرکەزی جارێکی تر دێنەوە مەیدان بەدژی خەڵکی کوردستان. جێی خۆیەتی کە نەهێڵرێت جارێکی تر شانسی خۆفرۆشییان هەبێتەوە بەدژی خەڵکی کوردستان.

.

## مصطفى حسن گەورە 2006-10/01

## کۆپییەك لەم نامەیەبۆ:

1- ڕێکخراوی " چاك" [ناوەندی هەڵەبجە دژی ئەنفال و جینۆساید لە کوردستان.]
2- سەفارەتی "وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا" لە کۆپنهاگ- دانیمارك
3- دادگای تاوانەکان (محكمة الجنايات) لە سلێمانی/ هەرێمی کوردستان-عێراق.

********** ********** **********